# ضاوثيَكةوتني كوردستان نيَت لةطةلَ هونةرمةند لةيلا فةريقي ... ئةنجامداني هةلَكةوت

## لەیلا فەریقی؛ سەندرێلای شاشەی کوردی سەردانی وڵاتی میسر دەکات



لەیلا فەریقی؛ سەندرێلای شاشەی کوردی سەردانی وڵاتی میسر دەکات
لەیلا فەریقی؛ سەندرێلای شاشەی کوردی سەردانی وڵاتی میسر دەکات، سیمایەکی زۆر جوان و شیرین هەستێکی پڕ لە بەزەیی خۆشەویستی بۆ خاک و میللەت و منالّە چاو گەشەکانی کوردستان، ، دەنگێکی پڕ لە سۆز وبەجۆش ناخێکی پڕ لەئازار کۆچەرێکی وێڵ بەشوێن ڕاستی مەبەست بۆ خاک و میللەتەکەی..

دەنگی لەیلای هونەرمەند ئەو دەنگە خۆشەیە کە هەرلەسەرەتای دەست بەکاربوونی کارەهونەریەکانی زیرەکانە هوڵی داوە نۆێ کاری بکات لە کارە هونەریەکانی، مۆسیقاو گۆرانی کوردی لە قۆناغێکەوە بەرێتە قۆناغێکی دیکە.
لەیلا ئەو کچە جوانەیە کەبۆتە خەونی یەکەبەیەکەی کچانی کورد کەهەر یەکەیان حەزیان ئەکرد بۆ خۆیان لەیلای فەریقی بن، وەهەر کوڕێك ئارەزووی دەکرد، لەیلا ببێتە ئەکتەری عاشقی دڵی خەونەکانی.
دوای گەڕانەوەی هونەرمەند لەیلای فەریقی سەندرێلای شاشەی کوردی لە میسر بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەو سەردانە هەوڵمان دا چاو پێکەوتنێک سازدەین ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە..
سازدان و ئامادەکردنی ئەم دیمانەیە لەلایەن هونەرمەند (هەڵکەوت زاهیر) ەوە ئەنجامدراوە.

هەڵکەوت/ سەرەتا بەناوی خۆم و سایتی کوردستان نێتەوە بەخێرهاتنەوەت دەکەین دەڵێم ئەم کاتەتان باش سەندرێلا

لەیلا/ ئەم کاتەی ئێوە باشتر سەرەتا سوپاسی کوردستان نێت و ئێوە دەکەم کاک هەڵکەوت بۆ زەحمەت کێشانتان و بەسەرکردنەوەمان.

هەڵکەوت/ دەمەوێت کورتەیەک لەسەردانەکەتمان بۆ باس بکەی کە بەرێزتان بانگ هێش کرابوون یان بەسەردانێکی ئاسایی خۆت ڕۆشتبووی بۆ وڵاتی عەرەبی میسری؟
لەیلا/ من بەسەردانێکی ئاسای خۆم ڕۆشتم بۆ میسر، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خەونی گەورەی منداڵیم بوو کەبڕۆم ئەو وڵاتە ببینم، بێگومان هەموو دەزانین میسر بەواتای وڵاتی هونەر جێگای چەندین کەڵە هونەرمەندی گەورەیە هەرواش بوو لەووڵاتانی دیکەی عەرەبی هونەرمەندەکانیان ڕوویان کردۆتە میسر بۆ کاری هونەری، لەو ڕێگایە بووەتوانیوویانە بەباشی

کاره هونەریەکانیان بگەێننە ئەنجام، هەروەها بۆ سازدانی چەند کارێکی هونەری بوو، بەهیوام لە نزیکترین کات دا بتوانم تەواوی بکەم.

هەڵکەوت/ ماوەی چەند مایتەوە و چالاکیتان چی بوو؟

لەیلا/ سەردانەکەم زۆر کورت بوو تەنها بۆ یەک هەفتەبوو بەڵام توانیم لەو هەفتەیەدا چاوم بەچەند هونەرمەندێک بکەویت، وە هەروەها توانیم چاو پێکەوتنێکی تەلەفزێۆنی ساز بکەم لەیەکێک لە تەلەفزێۆنەکانی ناو خۆی میسر کە یەکێکە لەهەرە کەناڵە بەتوانکانی میسر پۆپ بلاریک، لەگەڵ ئەمەشدا داوایان کرد بۆ کەناڵی ئاسمانی کە چاوپێکەوتنێك لەگەڵیاندا سازبکەم، بەداخەوە بەهۆی کەمی کات نەمتوانی ئەو داواکاریە بەجێ بهێنم.



هەڵکەوت/ بە چ زمانێک ئەدوان؟ چ ڕۆژێک بوو؟ ماوەی بەرنامەکە چەند بوو؟ لە چ بەرنامەیەک دا بوو؟

لەیلا/ بە زمانی ئینگلیزی ئەدوام بەڵام تەرجومەی عەرەبی دەکرا ڕۆژی چوارشەممە بوو بەرواری 11-5-2005 بوو ماوەی بەرنامەکە 40 خوولەك بوو بەرنامەکە بەناوی (بیت بیتک) .

هەڵکەوت/ چۆن دەڕوانیتە میللەتی میسر؟ وە ڕەفتارین چۆن بوو کاتێک زانیان ژنە هونەرمەندێکی کوردی؟

لەیلا/ دیارە میللەتێکی زۆر گەرمووگوڕن لە مامەڵەکردندا، زۆر پێشوازیەکی باشیان لێ کردم، وە دەمەوێت ئەو ڕاستیە بڵێم کە میللەتێکی زۆرهونەر دۆستن، تەنانەت وویستیان من بەزمانی کوردی خۆم قسە بکەم وە هموو هەوڵێکیان دا تا ئەو پرۆگرامە سەربگرێ، لەڕاستیدا مەبەستیان سەرکەوتنی من بوو بەتایبەت کە گوێیان لە دەنگم بوو.

هەڵکەوت/ ئایا بەشداری بوون لە وولاتێکی وەک میسر بۆ هەر کەسێک ئاسانە، لەیەکێک لەو بەرنامە باشانەی تەلەفزۆێنێکی وا بتوانێ بەشداری بکات؟

لەیلا/ بێگومان نا هەرکەسێک ناتوانێت بەشداری بکات بەڵام کاتێک زانیان وگوێیان لێ بوو کەمن دووگۆرانی (ام کلثوم) م وت بەبێ ئەوەی لەزمانیان تێ بگەم، زۆریان پێ خۆش بووهەستم بەوە ئەکرد لەگەڵمدا زۆر بە گەرمی بوو، دیارە ئەمەش خۆشەویستی و پەرۆشی میللەتی میسر نیشان ئەدات بۆ هونەر.

هەڵکەوت/ کەس لەو کەسایەتیە هونەریانە باسی کارکردنی نەکرد لەگەڵتاندا بۆ ئەنجام دانی کارێکی هونەری؟

لەیلا/ بەڵێ دوای ئەوەی گوێ بیستی دەنگم بوون لە دوو گۆرانی (ام کلثوم) بەبێ تێگەشتن لە زمانیان هەروەها یەکێک لە هونەرمەندەکان دوای تەواو بوونی بەرنامەکە داوای ئەوەی لێ کردم کە بەشداری فلیمێک بکەم وەک ئەکتەر.
هەڵکەوت/ ئێوە چیتان ووت؟
لەیلا/ وتم دەبێت بیری لێ بکەمەوە.
هەڵکەوت/ گۆرانی کوردیت ووت؟
لەیلا/ بەڵێ گۆرانی هونەرمەند تایەر تۆفیقم ووت، بێگومان مەقامە کوردیەکان نزیکە لەمەقاماتی ئەوان، بۆیە زۆر زوو لە ڕۆحی گۆرانیەکە تێ گەشتن، هەستیان جوڵا، وەمن بە باشی هەستم پێ کرد کە چێژ وەرگر بوون لەدوای بیستنی گۆرانیەکەو دەنگی من.

هەڵکەوت/ لەو سەردانەت دا دەرفەتت بوو سەردانی بارەگای هونەرمەندان بکەیت لە قاهیرە؟
لەیلا/ بەداخەوە کاتم زۆر کەم بوو بەڵام چاوم کەوت بە چەند هونەرمەندێک کە بۆ دەست خۆشی لە دوای بینینی بەرنامەکە هاتبوون بۆ دەست خۆشی.

هەڵکەوت/ وەک و کێ؟

لەیلا/ عومەر ئەلحەریری، مەجدی عبدالمسیح، سەعید سامی، موحی اسماعیل، هەروەها خوشکی هونەرمەندی گەورە سعاد حسنی، بەناوی جیهان، ئەمەو چەند مۆسیقارێک و چەند ئەکتەری دیکە، لە ڕاستی لە بەر سەرقاڵی نەمتوانی یەکە بەیەکەیان وەک ناو دەست نیشان بکەم و تا لێرە دا ناویان بێنم.

هەڵکەوت/ بیرو ڕاتان چیە بەگشتی لە سەردانەکەت؟

لەیلا/ زۆر خۆشحاڵ بووم کەخەڵکانی تازەم ناسی، هێنانەدی خەونی مناڵیم بوو هەروەها توانیم خۆم بناسێنم بە خەڵکی میسر وەک گۆرانی بێژێکی ژنی کورد.
هەڵکەوت/ دەتوانیت کورتەیەک لە پڕۆگرامەکەتمان بۆ باس بکەی؟

لەیلا/ بەخۆشحاڵیەوە سەرەتا لێان پرسیم ئەتەوێ وەک چی و وە کێ خۆت بناسێنی بەمیللەتی میسر، لە وەڵامدا ووتم، ، پێم خۆشە وەک لەیلای فەریقی گۆرانی بێژێکی ژنی کورد خۆم بناسێنم بە خەڵکی میسر، بۆیە بەگۆرانیەکی فۆلکلۆری کوردی دەستم پێ کرد وەک پێناسەیەک بۆ خۆم و زمانەکەم و میللەتەکەم، بۆ ئەوەی خەڵکی میسر وەک خۆم منیان قبوڵ بێت هەروەها ڕەسەنایەتی هونەری میللەتەکەم. پاشان لێیان پرسیم ووتیان ئەتەوێ بێت بۆ میسر گۆرانی عەرەبی بڵێیت؟
منیش لە وەڵامدا ووتم مەبەستی من تەنها ئەوە نیە گۆرانی بە عەرەبی یان بە زمانێکی تر بڵێم، ئەوەی بۆ من گرنگ چەند خاڵێکە دەمەوێت بیڵێم.. ..
-1باری احساس یە کە زۆر نزیکە بە گۆرانی عەرەبی بەتایبەت ام کلثوم.
-2زمانی خۆم و کلتورم بە کلتورو میللەتی تریان بناسێنم واتە بۆ هەر زمانێک بێت.

-3هونەر ئەبێت ئازاد بێت لە پێشکەش کردنیدا بە واتای دەبێت هونەرمەند ڕاست گۆ بێت لەگەڵ جەماوەردا.

-4 زمان کلیلێکە بۆ تێگەشتن ڕوونتر پەیامێکە بۆ خستنە ڕووی ئێش و ئازارەکان و خۆشی و ناخۆشیکان لەو ڕێگایەوە بدوێ بۆ کەسانێکی دیکە هەروەها کلیلێکە بۆ گەشتن بۆ سەرجەم ئامانجەکان..

-5بۆ من بە زمانێکی بێگانە چەلانچێکە افتخاری پێ ئەکەم.

هەڵکەوت/ لەدڵمەوە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنەوەت ئەکەم بەهیوام هەموو هەنگاوەکانی ژیانت بەسەرکەوتووی بەسەر ببەی لەناخمەوە دەست خۆشیت لێ ئەکەم وە بە ڕۆحێکی تێگەشتن لە هونەر پێت دەڵێم تۆ ژنە هونەرمەندێکی گەورەی میللەتی کوردی هەر بژیت بۆ خزمەت کردنی هونەری میللەتەکەت، لەکۆتایدا زۆر خۆشحاڵبووم بە دیمانەکەت دواووتەت بۆ کوردستان نێت چییە؟

ئەمە دوا بەشی کۆتای بەرنامەکەم بوو، بەڵام ئەو شێوە پێشوازیە کە لێم کرا جێگای خۆشحاڵیم بوو، وە یادگارێژی شیرینی لەلام بەجێهێشت.

لەیلا/ زۆر سوپاس بۆ تۆ هیوای بەردەوامیتان بۆ ئەخوازم سەرکەوتووبن بەهیوام کوردستان نێت چرای داگیرساوی هەمووماڵێکی کورد بێت لەگەڵ ڕێزی لەیلای فەریقی